# مافی خوای گەورە گرنگترە لە مافی پیاوەکەت

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**شێخ عبد الله بن عبدالرحمن ابن جبرين**

**وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حق الله أهم من حق الزوج

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد الله بن عبدالرحمن ابن جبرين

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# مافی خوای گەورە گرنگترە لە مافی پیاوەکەت

ئـەم پرسیارە ئـاڕاستـەی شێخ ابن جبیرن کراوە ( ڕەحمـەتـی خـوای لـێ بێت ) :

**پرسیار** : من ئـافرەتێکی بـە تـەمەن و دەوڵـەمـەندم، چـەند جارێك مـەسئـەلـەی حـەج کردنم خستوەتـە بـەردەم پیاوەکـەم، بـەڵام بـەبـێ هیـچ هۆکـارێك هـەموو جارێك ڕەدی کردوەتـەوە، منیـش برایـەکـی گـەورەم هـەیـە و دەیـەوێت حـەج بکـات، ئـایا من حـەج بکـەم لـەگـەڵیدا ئـەگـەر هـاتوو پیاوەکـەشم مۆڵـەتـی پـێ نـەدام، یان واز لـە حـەج کردن بـهێنم و گوێرایـەڵـی پیاوەکـەم بم ولـەشارەکـەی خۆم بمێنمـەوە، وەڵامم بدەنـەوە خـوای گـەورە پاداشتـی خێرتـان بداتـەوە .

**وەڵام** : سوپاس وستـایش بۆ خـوای گـەورە ومیـهرەبـان وردود وصـەڵات

وسـەلام لـەسـەر پێشـەوای مرۆڤایـەتـی محمدی پێغـەمبـەری ئیسلام و

ئـال وبـەیت و هـاوەڵ وشوێنکـەوتـوانـی هـەتـا هـەتـایـە .

لـەبـەر ئـەوەی فـەریزەتـی حـەج واجبێکـی فـەوریـە بـەهـەموو مـەرجـەکـانیـەوە، لـەبـەر ئـەوەی ئـەم ئـافرەتـە تـەکلیفـی حـەج کردنـی

تێدا هاتوەتە دی، وتوانای مادی و جەستەیشی هەیە و مەحرەمیشی لەگەڵدایە، بۆیە واجبە لەسەری هەرچی خێرایە زوو بە زوو حەجەکەی ئەنجام بدات، و حەرامیشە بۆ پیاوەکەی بەبێ هیچ هۆیەك ڕیگری لێ بکات لە ئەنجام دانی حەجەکەی، وە دروستە بۆ ئەو ئافرەتە بەو حاڵەوە کە باسی کرد لەگەڵ براکەیدا حەجەکەی بکات، هەرچەند ئەگەر هاتوو پیاوەکەیشی ڕەزامەند نەبوو لەسەری، چونکە لەم حاڵەتەدا حەجکردن وەك فەرزی نوێژ و ڕۆژوو لەسەر ئەم ئافرەتە هاتوەتەدی ودەبێت جێ بەجێی بکات، دیارە مافی خوای گەورەش لە بەئەنجام گەیاندا لەپێشترە لەسەر مافی پیاوەکەی، وە ئەو پیاوەیش مافی ئەوەی نییە بەبێ هیچ هوکارێکی شەرعی ڕێگری بکات لە ژنەکەی کە حەج ئەنجام نەدات، خوای گەورەش پشت و پەنای هەموان بێت، وڕینمونیمان بکات بۆ سەر شاڕێگای ئیسلام .

سەرچاوە : کتێبی : فوائد و فتاوی تهم المرأه المسلمة لاپەڕە ١٠١ .